ئاگاداری

دائیرەی پەنابەرێتی دەستدەکاتەوە بە پێشکەش کردنی خزمەگوزارییەکانی بۆ جەماوەر لە بەرواری ۲۰۲۰/٥/۱۸-۲۰۲۰/٥/۲۹

لە ڕۆژی دووشەممەوە ۲۰۲۰/٥/۱۸ دائیرەی پەنابەری سەر بە وەزارەتی کۆچ و پەنابەرێتی دەستدەکاتەوە بە پێشوازی کردنی جەماوەر. بە ڕەچاوکردنی تەندرووستی گشتی و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-۱۹، بە باشمان زانی کە هەموان ئاگاداربکەینەوە لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1. کارا بوونی (نوێ بوونەوەی) بەرگەی خوازیارانی پارێزگاری نێودەوڵەتی، ئەوبەرگانەی کە بەسەرچوون یان بەسەر دەچن لە ۲۰۲۰/۳/۱۳ (بەرواری هەڵپەسێرانی پێشوازی کردنی جەماوەر) تا بەرواری ۲۰۲۰/٥/۳۱، بە پێیی بڕیاری نوێی وەزارت بۆ **ماوەی (٦) شەش مانگ** درێژ دەکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، دائیرەی پەنابەرێتی **هەڵناستێت** بە نوێکردنەوەی بەرگەی خوازیارانی پاریزگاری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی تاوەکو ۲۰۲۰/٥/۳۱. ئەوەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت بێجگە لە : نووسینگەی هەرێمی لێشڤۆس، سامۆس، خیۆس، لێرۆس هەروەها یەکەی سەربەخۆی کۆس، کە ئەمانە هەڵدەستن بە نوێکردنەوەی بەرگەکان.
2. لە ڕۆژی دووشەممەوە ۲۰۲۰/٥/۱۸، بە ڕێگەی ئەلەکترۆنی ئەم داوانامانەی لای خوارەوە پێشکەش دەکرێن : گۆڕینی هۆکانی پەیوەندی پێوەکردن، گۆڕانکاری لە زانیارییە بنەڕەتییەکاندا، جیاکردنەوەی فایل، وەرگرتنی کۆپی فایلەکە، بەڵگەنامەی باری داوانامەکە، دواخستن/پێشخستنی چاوپێکەوتنەکە، پشتگیری یاسایی، هەروەها پێشکەشکردنی بەڵگەنامە. نموونەی پەیوەندیدار بەو داوانامانە دادەنرێت لە پەڕەی ئەلەکترۆنی دائیرەی پەنابەرێتی کە پێویستە داوانامەکان بنێردرێن بۆ ئیمەیلی تایبەت بە نووسینگەی پەیوەندیدار و بە پێی ناوچەکان.
3. لە ڕۆژی دووشەممەوە ۲۰۲۰/٥/۱۸ بە ئاسایی داوانەمەی پێداچوونەوە (ئیستیئناف) پێشکەش دەکرێت.